Uppsala kommun

# هاوکاریی لەگەڵ پەروەردەکار

# - بۆ باشترین بۆ منداڵەکە

ڕێبازەکانی خوێندنگاکانی سەر بە شارەوانی
مای/ئایاری 2020



له پلانی خوێندنی باخچەی منداڵان
هاتووە کە باخچەی منداڵان ئەبێت
ئاگای لە بەرەوپێشچوونی منداڵەکە
هەبێت بۆ ئەوەی چالاک، خولقێنەر،
لێهاتوو و کەسانێکی بەرپرسیار بن

## سەرەتا

منداڵ پێویستیان بە گەورەساڵانە. گەورەساڵانێ کە پاڵپشتی ئەکەن، هانئەدەن، بەرپرسێتی هەڵئەگرن و یارمەتیی یەکتر ئەدەن. گەورەساڵانێ کە چاوەڕوانکردنێکی ئەرێنیان هەیە و کە سنوور دائەنێن. ئەوە بیرکردنەوە بناخەییەکانە – لەناو ئەو ڕێبازانەی ئێمە هێناومانەتە کایەوە لە باخچەکانی منداڵانی ئوپسالا کە سەر بە شارەوانین بۆ شێوازی چۆنێتی هاوکاریی باخچەی منداڵان و ماڵەوە.

ئێمە ئەزانین کە هاوکاریی باش لە نێوان باخچەی منداڵان و ماڵەوە گرنگە بۆ فێربوون و بەرەوپێشچوونی منداڵەکە. باخچەی منداڵان منداڵەکان ئەخاتە بەردەم بەرەنگاربوونەوەی بچووک و گەورە. زانست زەوتکرێت، کێشە چارەکاریی بکرێت، ناکۆکی ئەبێت مامەڵەی لەگەڵ کرێت، تواناکان بەرەوپێشخرێت، هاوئاهەنگی لەگەل ئەوانی تر ئەبێت بەڕێزەوە بێت. منداڵەکان پێویستیان بە گەورەساڵانە کە لەم بەرەنگاربوونەوەیەدا یارمەتییان بدەن. مەبەستێک و خواستێکی هاوبەش پێویستە. هاوکارییەکی ڕاست داوای ئەوە ئەکات کە لە سەرەتاوە ئاشکرا بێت کە هەر کەسێک لەچی بەرپرسە، فۆرمەکان چ شێوازێکیان هەیە و ئایا پیاو لەسەر چی هاریکاریی کات. ئەو کات ئێمە ئەتوانین کە هاریکارییەک بەدەست بێنین / بۆ باشترین بۆ منداڵەکان.

## ئامانج دیاریکردن بۆ هاوکاریی نێوان باخچەی منداڵان و ماڵەوە

کە باخچەی منداڵان و ماڵەوە:

- هاوکاریی بەشێوازێکی نیزیک و پڕ لە متمانە بکەن.
- یارمەتیی یەکتر بدەن و باشترین مەرجەکان بۆ منداڵان دابین کەن بۆ ئەوەی کاتێکی پێشخستن و فێربوون لە باخچەی منداڵان بەدەست بهێنن.
- کۆششکردن بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ ئامانج و ئەرکی پێسپێردراوی باخچەی منداڵان.
- پاڵپشتی منداڵان بە باشتریین شێواز بکات لە فێربوونیان و بەرەوپێشچوونیان، هەریەک و پێکەوە.

# بەرپرسیارێتیی و چاوەڕوانییەکان

بەرپرسیارێتی باخچەی منداڵان بە ڕوونی یاسابەندکراوە بە یاسای خوێندنگا و بە پلانی خوێندن. بەڕێوەبەر ئەبێت ڕابەری بکات و کارەکە دابەش بکات. خوێندنگایە کە بڕیار ئەدات لەبارەی چۆنیتی ڕێکخستن، چۆن کەرەسەی ئابووریی دابەشکرێت و چۆن باخچەی منداڵان کارکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

بەپێی کۆیاسای دایکوباوکان پەرروەردەکار بەرپرسێتیی پەروەردەکردن و پێشخستنی منداڵەکانی لە ئەستۆیە. باخچەی منداڵان ئەبێت تەواوکەری ماڵ بێت و دەرفەت بە هەریەک لە منداڵەکان بدات کە بەرەوپێش بڕۆن بە شێوازێکی دەوڵەمەندانە و فرەلایەن. کاری باخچەی منداڵان لەگەڵ مندالەکان ئەبێت لە هاوکارییەکی نیزیک لەگەڵ ماڵەوەدا بکرێت.

## بەرپرسێتیی باخچەی منداڵان

- کە گوتوبێژیی بەردەوام هەبێت لەبارەی حەوانەوە، بەرەوپێشچوون – و فێربوونی منداڵەکە.
- کە بە زووترین کات کە بکرێت پەیوەندیی بە پەروەردەکار بکرێت لەکاتی پێویستا.
- کە لانی کەم یەک گوتوبێژی پێشخستن پێشکەش بە پەروەردەکار بکرێت- لە ساڵێکا.
- کە پەروەردەکار زانیاریی لەبارەی ئەرکپێسپێردراویی، ئامانج و فۆرمەکانی کارکردنی باخچەی منداڵان، وەربگرێت.
- کە فێرکردنی باخچەی منداڵان هەڵقوڵاوبێت لە پلانی خوێندن و ڕێبازەکان.
- کە خوێندنی باخچەی منداڵان هەمەجۆرکرێت و گونجاندنی بۆ بکرێت – لە ڕوانگەی ئارەزووە جۆراوجۆرەکان، پێداویستییەکان و مەرجەکانی لای منداڵەکە.
- کە پەروەردەکار پاڵپشتی بکرێت لە بەرپرسێتی خۆیدا بۆ پەروەردەکردن و بەرەوپێشچوونی.
- کە پەروەردەکار زانیاریی وەرگرێت لەبارەی گۆڕانکارییەکان لە باخچەی منداڵان کە گرنگ بێت بۆ فێربوون و پێشخستنی بەردەوامی مندالەکان.
- کە پەروەردەکار توانای هەبێت کە دەستڕۆییشتویی هەبێت و بەشداریی کاریی چۆنایەتیی لە باخچەی منداڵان بکات.

## چاوەڕوانییەکانی باخچەی منداڵان لە پەروەردەکار

- کە بەرپرسێتیی پەروەردەکردن و پێشخستنی منداڵەکەی هەبێت.
- کە لە کاتی پێویستا پەیوەندیی بە کارمەندانی باخچەی منداڵان بکات بۆ هەموو ئەو پرسانەی کە لەسەر منالەکەی خۆی هەیەتی.
- کە پێزانینی لەسەر زانیارییەکانی باخچەی منداڵان هەبێت لە بارەی بەرەوپێشچوون و فێربوونی منداڵەکەی خۆی.
- کە بەشداریی لە کۆبوونەوەکان و ئەو گوتوبێژانا بکات کە باخچەی منداڵان پێشکەشی ئەکات.
- کە کارێکی وا بکات کە باخچەی منداڵان زانیاریی پەیوەندیداریی دروستی پەروەردەکاری لەبەردەستا بێت.



# ڕمەکان و ناوەڕۆک بۆ هاوکاریی

لە هاوکاریی باخچەی منداڵان لەگەڵ ماڵەوە شێوازی جیاواز لە زانیاریی و دیالۆگ هەیە. بە یارمەتیی ئەمانە ئەتوانین پێکەوە بەرپرسێتیی هاوکاریی بۆ باشترینی منداڵەکە لە ئەستۆ بگرین.

## زانیاریی

زانیاریی لەبارەی ڕووداوی لەئارادابوو و گۆڕانکارییەکان لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕۆژانە لەگەڵ باخچەی منداڵان- و لەسەر پلاتفۆرمی دیجیتال یونیکۆم Unikum دەست پەروەردەکار ئەکەوێت. بۆ نموونە لە نامەی هەفتانە یان مانگانە (لەبارەی یونیکوم لە هەرە خوارەوە بخوێنەوە). زانیاریی لەسەر هەریەک لە باخچەکانی منداڵان لە پێگەی وێبی باخچەی منداڵان هەیە. زانیاریی لەبارەی ڕابەرایەتیکردنی شارەوانی و بەدواداچوون لەسەر کارکردنی باخچەی منداڵان، لە ماڵپەڕی شارەوانی هەیە **uppsala.se**.

## گوتوبێژیی ناساندن

باخچەی منداڵان ئەیەوێت لە گوتوبێژی ناساندنا بزانێت ئایا مندالەکە چ ئەزموونێکی لەگەڵ خۆ هێناوە. ئامانجەکە ئەوەیە کە باخچەی منداڵان بتوانێت باشتر بەرەورووی پێداویستەکانی منداڵەکە ببێتەوە مەبەست لە گوتوبێژەکە ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خیزانەکە دروستکات، زانیاریی بە پەروەردەکار بدات لەبارەی پراکتیکی فێرکاریی، تێڕوانین لە هاوکاریی لەگەڵ باخچەی منداڵان و ماڵەوە و زانیاریی لەبارەی پرسی پراکتیکی لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکە لە باخچەی منداڵان. گوتوبێژەکە ئەو کات ئەکرێت کە منداڵەکە لە باخچەی منداڵان دەست پێدەکات. باخچەی منداڵان بانگهێشت بۆ گوتوبێژەکە ئەکات..

## گوتوبێژی پێشخستن

گوتوبێژی پێشخستن، کۆبوونەوەیەکە کە تێیدا پەروەردەکار بانگ ئەکرێت بۆ گوتوبێژ بکەن لەبارەی منداڵەکەی خۆی. باخچەی منداڵان لەگەڵ پەروەردەکار ئەبێت لەو گوتوبێژەدا لەسەر حەوانەوە، بەرەوپێشچوون، و فێربوونی منداڵەکە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی باخچەی منداڵان. گوتوبێژەکان کۆمەک بۆ زانست لەسەر هەریەک لە منداڵەکان ئەدات و بەشەکانی بەتەنگەوەهاتن، گەمە و فێربوون لەخۆئەگرێت.

## یونیکوم، پلاتفۆرمی دیجیتاڵ

هەموو ئەو باخچەی منداڵانەی کە سەر بە شارەوانیین پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵ پێکەوە بەکارئەهێنن، ناوبراو بە یونیکوم. ئامانجی پلاتفۆرمەکە ئەوەیە کە دەرفەتێکی گەورەتر بدات بۆ بەدواداچوونی بەرەوپێشچوون و فێربوونی منداڵەکە. ئەوە ئەشبێت پەیوەندیی و هاوکاریی نێوان باخچەی منداڵان و ماڵەوە ئاسان بکات.

## بنکەی گوتوبێژ بۆ هاوڕاوێژکاریی

لەهەریەک لە باخچەی منداڵان یەک یان چەند دانەیەک بنکەی گوتوبێژکردن هەیە لەگەڵ پەروەردەکاران. ئەرکی سەرەکی هاوڕاوێژکاریی ئەوەیە کە شوێنی کۆبوونەوە بێت کە تێیدا پەروەردەکار ئەتوانێت پێشنیارو بۆچوون بدات لە پرسی جۆراوجۆردا. ئەو بابەتانەی کە منداڵێک، دایکوباوکێک یان کارمەندێکی تایبەت لەخۆئەگرێت لەناو بنکەی گوتوبێژەکە نابێت تاووتوێ بکرێت. هاوڕاوێژکاریی ئەکرێت لەبارەی پێدانی زانیاریی بڕیارەکانی ئایینده بێت بۆ ئەو کەسانەی کە بڕیارەکە ئەیان گرێتەوە.

نموونە بۆ بنکەی گوتوبێژ:

- چاوپێکەوتن بۆ زانیاریی پێدان و کۆبوونەوەی دایک و باوکان کە تێیدا باخچەی منداڵان زانیاریی لەسەر کاروو بارەکە پێشکەش ئەکات و پەروەردەکار ئەتوانێت پێشنیار و ڕاوبۆچوون لەسەر پرسی جۆراوجۆر بدات.
- چالاکی وەکو قاوە/چاخواردنەوە، ماڵی کراوە و ئاهەنگ کە تێیدا دەرفەتی پرسیارئاراستەکردن، بەجێهێشتنی ڕاوبۆچوون و بیرکردنەوە هەیە.

# بەدواداچوون و پێشخستن

هاوکارییەکی باش لە نێوان باخچەی منداڵان و ماڵەوە تەنها بەو هۆکارە دروست نابێت کە خواست، ئامانج دیاریکردن، دابەشکردنی بەرپرسێتیی و فۆرمی ستانداردکراو هەیە. ئەوە لەوانەیە پێویستی بە پێشخستن و باشترکردن هەبێت. بۆیە گرنگە کە بەدواداچوونێک هەبێت کە ئایا باخچەی منداڵان و ماڵەوە بەسەرهاتیان لەم هاوکارییە چۆنە و کە بەدواداچوونەکە ببێتە هۆی هەنگاونان بۆ پێشخستن و باشترکردن.

## بەدواداچوونی ناساندن

ئەوە گرنگە کە منداڵان و پەروەردەکاران لە باخچەی منداڵان بحەوێنەوە. بۆیە باخچەی منداڵان ئەیەوێت بزانێت ئایا پەروەردەکاران چۆن لە ناساندنەکە کاتی یەکەمین لە باخچەی منداڵان حاڵیبوون. ئەوە بەرپرسێتیی باخچەی منداڵانە کە هەموو منداڵێک ناساندنێکی باش لە باخچەی منداڵان وەربگرن، پێکەوە لەگەڵ پەروەردەکار. ئەم بەدواداچوونی ناساندنە دەرفەت بە باخچەی منداڵان ئەدات کە کاری خۆی بەرەوپێش بەرێت.

## مامەڵەکردن لەگەڵ نیگەرانیی- و سکاڵاکردن

گەر پەروەردەکار هەستی بە نیگەرانی کرد یان ڕاوبۆچوونی لەسەر دۆخی منداڵەکە لە باخچەی منداڵان هەبێت، ئەوا بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە کارمەندانی باخچەی منداڵان ئەکرێت. بە پلەی دوەهەم بەڕێوەبەر. گەر نیگەرانییەکە یان بیروبۆچوونەکان کاروبار – و پرسی ڕێکخستن لەخۆ بگرێت، ئەوا بەپلەی یەکەم پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرەوە ئەکرێت.

تۆ ئەشتوانیت ڕاوبۆچوون یان سکاڵا لەڕێگەی ماڵپەڕی شارەوانی ئوپسالا بکەیت. **uppsala.se**

## پرسنامە بۆ پەروەردەکار

ساڵی جارێک هەموو پەروەردەکاران پرسنامەیەکیان لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنەوە بەدەست ئەگات. پرسنامەکە پرسیارگەلی تێدایە لەبارەی چۆنێتیی حاڵیبوونی لە دۆخی منداڵەکەی لە باخچەی منداڵان، بەڵام هەروەها پرسگەل لەبارەی چۆنێتی بەڕێوەچوونی هاوکاریی نێوان باخچەی منداڵان و ماڵەوە.

پرسنامەکە بەدواداچوون و شیکاریی ناوخۆیی بۆ ئەکرێت لە باخچەی منداڵان. پاشان باخچەی منداڵان بەرپرسێتیی بۆ هەنگاونانی بەرەوباشتربردن هەیە لەکاتی پێویستا. پەروەردەکاران بەستنەوەیەکی کورت بە نووسین یان بە دەمی پرسنامەکە وەرئەگرن کە تێیدا دەرئەنجامەکە، شیکارییەکە و ئەگەری ڕێگاچارە پووخت ئەکرێتەوە. وەڵامەکانی- ڕاپرسییەکە خاڵێکی دەستپێکردنی گرنگە لە کاری باخچەی منداڵان بە بەدواداچوون و پێشخستن.

**لەڕێگەی دیالۆگێکی باش و دوولایەنیانە ئەتوانین پێکەوە باشترین هەلومەرج بە منداڵەکە بدەین بۆئەوەی بەرەوپێش بڕوات و خۆی فێرکات، هەم لە ماڵەوە و هەم لە باخچەی منداڵان.**

**Uppsala kommun**
Utbildningsförvaltningen
utbildningsforvaltningen@uppsala.se

بەشێک لە ڕێبازەکان لە شارەوانی سوێدەرتێلیەوە هێنراون کاتێک کە لەلایەن نووسینگەی خوێندنەوە خراونەتە بەردەست لە گوتوبێژ لەگەڵ سیاسەتمەداران، پەروەردەکاران و هاوکارانی باخچەی منداڵان.